# شانازی یەکانی یەکێتی نیشتیمانی  بە تیرۆریست بوونی یەوە ئەو پەڕی  ئابڕومەندانەیە.

کاوان قادر

مەلا بەختیار:

کاتێ لە سەرگەڵوو سالانی هەشتاکان لەسەر موناقەشەی فیکری دەمانچەت لە ئیرەج هەڵکێشا و ئەویش لە وەلامدا ووتی (( من گرینگ نیم بمکوژی یان نا ، چوونکە لە ژیانمدا یەک گوولە قەرزارم یان بە دەستی تۆ یان بەدەستی ئەمریکا بەلام قوڕ بەسەر ئەو میللەتەی کە تۆ ڕابەرایەتی دەکەی )).

ماوەیەک لەمەوبەر ئەم موفەکیرە زۆر ئاقڵەی مەکتەبی سیاسی ( ی ن ک ) کە مەلا بەختیارە لە ووتووێژێکی ڕادیۆیدا ، لە وەلام بە چەند پرسیارێک کە گوێگرێک کردی بێ هیچ شەرم و سڵەمینەوەیەک ڕایگەیاند کە گوایە ئەمان مەفرەزەیەکیان ناردوە بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئاقڵی کردوون ،

بە پێویستی دەزانم چەند سەرنجێکی خۆم لەسەر ئەم نەریتە لە فەرهەنگی مەلا بەختیار و( ی ن ک ) بنوسم نەک لەبەر ئەوەی ئەم ڕەفتارە لە یەکێتی نەوەشێتەوە ، وە نەک لەبەر ئەوەش کە قورساییان لە کۆمەڵگەدا مێژوویەکی پڕ شەهامەت بێت و قابیلی باس کردن بن ، بەڵکوودەمەوێت بڵێم کە مەلا بەختیار نەریت و پۆستێکی زۆر نزم و ئابڕومەندانەی هەڵبژاردووە .

دیارە مەبەستی شانازی یەکەی کاکە مەلا ئەوەیە (لە پەلامارێکی نا بەرابەرو ترسنۆکانەی یەکێتی دا بەرامبەر بە 5 پێشمەرگەی کۆمۆنیست وئازادی خواز و ئەندامی ( ح ک ک ع ) شەهید دەکرێن ، بەدەستی چەپەڵترین ڕۆبۆتی ژەنگاوی کارگەکانی بەعسی ( نە نیشتیمانی نە کوردستانی ) لە ژێر سەرپەرشتی قاتیلێکی نەخۆشی شیزۆفریناوی وەک نەوشیروان موستەفا کە تا بینەقاقای لە حەسرەتی تاوان کردن هەڵکێشراوە ، پاشان تەرمەکانییان بە دزی خەڵکەوە بە کۆمەڵ دەکرێنە چاڵەوەو بە شۆفڵ دادەپۆشرێن ،

ئەمڕۆش مەلا بەختیار بە شانازی یەوە باس لە کردەوەکانی یەکێتی دەکا، مەلا خۆی بە شاهیدە هەرلە دەشتی هەولێر 9 پێشمەرگەی خۆی کە سەر بە ئالای شۆڕش بوون لەسەر عێراقچێتی بوون شەهید کران کە یەکێک لەوانە ڕێبواری حەمە باخەوانی پێنجوێن بوو ، وبە زیندوویی ئەتک کران ، بەلام ئەمڕۆ ( ی ن ک ) خۆیان لە پێناو عێراقچێتی بوون دا ، ئامادەن بێ کفن هەرچی خەڵکی کوردستانە بە زیندوویی بخەنە چاڵەوە ، ئەمڕۆ مەلا چی دەڵێ بە کەس وکاری ئەو شەهیدانە ؟ من بە گومانم لەوەی مەلا بۆ شۆڕش کردن لە یەکێتی یاخی نەبوبێ بەڵکوو بۆ ئەم پلەو پایەیەی ئەمڕۆی کردبێ ،........!!

ئاخر ئەو پێشمەرگانە لە ژێر ئەمانەتی ئەودا بوون ئەمڕۆ بە جۆرێک بۆتە دەهۆڵ لێدەری یەکێتی نیشتیمانی عێراقی و خۆی کردوە بە تووتی دیفاع کردن لە بکووژانی ئازادی خوازان ، ئەگەر مەلا ئەمە بە جینۆساید نەزانێت ، زەحمەتی ئەوەش بخاتە بەر خۆی بڵێ یەکێتی منی ئاقڵ کردوە بۆیە ناوو ناتۆرەکانی خۆم لە خەڵک دەنێم ،

ساڵی 1991 شوراکان جەبهەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ ئالای شۆڕش پێک هێنا بۆ شەڕی کەرکوک ، دڵنیام کە مەلا بەختیار ئەو ڕاستی یە دەزانێ و ئەوچاڵەی لە بیرە کە بۆ کۆمۆنیستەکانیان هەڵکەندبوو، کە خودی مەلا خۆشی ئەمەی پێ قووت نەچوو چونکە دەیزانی ئەمە پیلانێکی قۆنتەراتی یە و قۆنتەراتچییەکانیشی لە بەغداد لە لێسانەوەی چڵکی عەرەقی ئەو تەنورە بوون کە بە گیانی هەزاران لاوی تێکۆشەرو دڵسۆزی ئەو میللەتە گەرم کرابوو لە شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکەوە گۆڕا بە وەرەقەیەکی موفاوەزات و موزایەدەی پێوە کرا ، مەهزەلەیە کە ڕابەری ( ئالای شۆڕش ) ی ئەلمەرحووم ئەم ڕاستییانە بزانێ و ئەم هێرشە مەغۆلی یەی یەکێتی ناو بنێ ئاقڵ کردن .

هەرچەند یەکێتی لە مێژووی خوێناوی خۆیدا بە پەلامارو کوشت و بڕین بە ناوە کە تەنها ئەمە ڕێگە چارەو دایەلۆگی بووە و لە ڕشتنی خوێنی ئازادی خوازانیشدا قوتابی یەکی ئەڵقە لە گوێ ی کۆنەپەرست ترین حکومەتە ژەهراوییەکانی ناوچەکە بووە ، هەر لە پەلامارەکەی بۆ سەر ( ح ک ک ع ) کە مەئمورییەتێکی جمهوری ئیسلامی و بەعس بوو، تا دەگاتە شەڕی پەکەکە و چاوساغی کردنی پاسدار بۆ تیرۆری ئازادی خوازان ، سیفەتێکی دانەبڕاوی ئەمانە بووە ، حیزب نییە لە کوردستان بە دەستی ئەم دەستە و تاقمە خوێنی نەڕژابێت ،بە مەئموورییەت و عەمالەتگەرییەک کە پێ ی سپێردراوە ،
ئەمە مێژوویەکی پڕشەرافەتمەندانە نی یە تا شانازی پێوە بکرێت مەلا گیان !!!! بەڵام ئاخۆ ئەمە تاکەی بۆتان دەچێتە سەر ؟ خۆ کەمیش نەبوون ئەوانەی هەر ئەمڕۆ هاتنە مەیدان هەر لە قوتابیان و مامۆستایان .....هتد ئەمە ئەوقسەیەی مەلا بەختیار ڕەت دەکاتەوە کە گوایە لە ناو دڵی خەڵکدان و نازو نیعمەتیان بەسەرخەڵکدا باراندووە ، ئەم دەنگی ( نا بۆ ملهوڕی ) یە بە باڵای ئێوە نەدوورا بوو ؟ بەری ڕۆژ بە ئیدیعای شڕی بێژنگییتان ناگیرێ ، ئەمە سەرەتای بزووتنەوەیەکی ناڕازی بوو هاتە مەیدان ، ئەوەش هەڵوێستی نا مەدەنیانەی ئێوە بوو کە بە چەک وەڵامی قوتابییانتان دایەوە ، مەگەر تەنها لوولەی چەکەکانتان لە دڵی خەڵکدا بێت !!!!

ئاخر هەر بەو ئەقڵە جەنگەڵی یە وە لە بەرامبەر موخالیفینی خۆتاندا جوڵاونەتەوە ، هەتا دوێنێ بە شاراوەیی پاساوی تاوانەکانتان دەدا لە ژێر هەزار بڕوو بیانوو ، بەڵام ئەمڕۆ بێ هیچ شەرم و شکۆیەک بێ پەردە شانازی پێوە دەکەن ، بگرە بەڕۆژی ڕوناک بە بەر چاوی خەڵکەوە جەریمەکانتان دەکەن ، باسیش لە ئازادیخوازی خۆتان دەکەن!!! مەگەر ئازادی کوشتن و بڕیین کە لە بەرنامەتاندا ستراتیجە . !!
ئاخر ئێوە لە دەورەیەکی درەنگ پێ ڕاگەیشتوون و بەدوای جەژن دا خەبەرتان بۆتەوە ، کۆمەڵگەی کوردستان لە ئێوە پێشکەوتووانە تر بیر دەکاتەوە کە بە ئێوە پێشڕەوایەتی ناکرێت ، ڕابەرانی موتەمەدین و پێشکەوتووخوازو ئینسانی دەوێ ، خۆ ئێوە ئەمانە هیچی نین ، بۆ لە کۆڵ خەڵکی نابنەوەو ناڕۆن ؟ خۆ کوردستان شوێنی ژیانی بەشەری تیا نەماوەتەوە لەژێر ڕەحمەتی دەسەڵاتتاندا ، ناڕەزایەتی خەڵک گەیشتۆتە سەر

میدیاکانی خۆتان ، حکومەتی واستەو فەیڤەریزمن ، گرانی بازاڕی کوردستان شان لەشانی نیۆرک دەدا ، ؟ ئەمە شانازی یە ؟

ئەمڕۆ ئەو پیاوە ی کە لێم مەعلووم نیە هەتا کە ی یەکێتی بەکاری دێنێ ، بەڵام وا دەردەکەوێ مەلا زۆر بە تەجروبە بێ لەم پۆستەدا بۆیە دڵنیای دەکەم یەکێتی لە تۆ باشتری لێ هەڵناکەوێ ، کە ئاوا ڕاستی یەکان چەواشە بکات هەرچەند کە گوێگرێکی پێ هەڵناخەڵەتێ کە ئەمەیان بۆ سیقەی لە دەستدانی ئیش خراپە ، بە غەیری مشەخۆرو فایلدارو قوڵەچماغە تا بن هەنگڵ سوورەکانی سەر ڕێ ی ئازادی ، موشتەرییەکی ترت نابێ و کەس بە پوولێ لێت ناکڕێ .

ڕاستی ڕووداوەکەش ئەوە بوو کە یەکێتی ویستی بە زەبری چەک درێژە بە گەندەڵی سیاسی وفەرهەنگی نەخۆشی خۆی و ئیفلیجی حکومەتی بدا ، بە ڕشتنی خوێنی شەریفترین ئینسانەکان ، ئاخر ئەوپەلامارە ی یەکێتی درێژەی ڕەزیلانە ترین هەوڵ بوو لە دژی ( ح ک ک ع ) کە یەکەم جار ویستیان بە دادگایی کردنی حیزب گوایە ئەم حیزبە دژی قانونە داڕزیوەکانی بەعسە وخەتەری بۆ یەکێتی خاکی عێراق هەیە و دژی دینەو یەکسانی ژن و پیاو داوادەکەن چی و چی..... دەبێ ئەم حیزبە قاچاخ بکرێت لە نەتیجەدا بە فەشەلەوە هەستان بەڵام نەفەس تەسکی بواری نەما وباوەشتان بۆ چەک کردەوە .

ئەمڕۆش مەلایەک هاتوەو دەیەوێت بە هەوڵی ڕەزیلانەی ئەم حیزبە بچووک نیشان بدات ، تا خۆیان گەورە بنوێنن ، کە ڕاستییەکەی ئەوپەلامارە لە گەورەیی حیزبەوە بوو نەک لە بچووکی یەوە ، بەڕاستی لە مێژووشدا هەر وابووە کاتێ هێزی دووەم لاسەنگی بۆ هێزی یەکەم دروست دەکات و دەبێتە هێز ، ئەم دەکەوێتە پەلەقاژەو شەلم کوێرم ئێوەش دەستان نەپاراستوە ، هەمیشە هەوڵتان داوە وەک هێزی بێ ڕەقیب و تاقانە بە زەبری چەک خۆتان فەرز بکەن ، چونکە مێژووتان ئەمە دەسەلمێنێ کە ئێوە هەموو شتێک لە پێناو دەسەڵات ومانەوەی بازاڕی سیاسی خۆتاندا دەکەن .
بە فەرز دابنێ ئەم حیزبە بچوکە و ئەندامی کەمە ، کە ئەمە وانییە ، بەڵام ئەگەر واش بێت خۆ گەورەیی هیچ حیزبێک بە ژمارە پێوان ناکرێ و نابینرێ مەگەرئەوەی ئەقڵی لە چاویدا بێت ، بەڵکو بە جەسووری بە هەڵماڵینی پەردە لەسەر عەیب و عارو گەندەڵیەکان ، بەوەی چەند بەرنامەو ستراتیجی ڕۆشنە ،چ بەدیلی واقیعی پێ یە بۆ خەڵک ، بەوەی چەند ئازادیخوازە ،ئەمانە حیزبیان گەورە کرد ئێوەش پێتان تەحەموول نەکرا ، بەڵام ئێوە مەجبوورن لەمانە نکۆڵی بکەن چونکە گۆڕهەڵکەنی خۆتان دەناسن .
پرسیار ئەوەیە ( یانی چی ئەو حیزبەمان ئاقڵ کرد !!!!!!؟؟ )
دەتەوێ ئەو مەسیجە بگەیەنی کە هەرکەس نوێژکەری دوای مەلاکەت نەبێ ئاقڵی دەکەی؟ جەنابت تەجروبەی ئاقڵ بوونت هەیە لە سیاسەتدا ، کاتێک باس لە کۆتایی ئەم کێشەیە دەکەی دەتەوێت بڵێ ی ( ح ک ک ع ) یش وەکوو خۆت بکات ؟ دەتەوێ بە هەموو بیروڕا جیاوازاکان بڵێ ی شەق دەزانێ قۆناغ لە کوێ یە !!!؟

پەلاماری ئێوە لەسەربەدەنگ هاتنی  حیزب بوو لەبەرامبەر تاوانەکانتان دژ بە خەڵکی ، لەسەر دواکەوتووییتان بوو ، کە بوونەتە پردی سیڕاتی جاسوس و هێلانەی تیرۆریستەکان  ، کە تا ئەمڕۆش خەڵک باجی هەڵەکانتان دەدا ، .حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق  هەمیشە خۆی بە بەرپرسیارو خۆی بەخاوەنی کۆمەڵ زانیوەو نەیویستوە بێ دەنگی هەڵبژێرێ ، لەبەرامبەر مشەخۆری  ئێوەدا  بە قسە هاتوە و دیفاعی لە ئاواتی خەڵک کردوە .

مەلا گیان لە کۆتاییدا ئەوە بڵێم ،  بەڕاستی قسەکانت زۆر هەڵدەگرن ، بەڵام پیرۆزبایی ئەو شانازییەشتان لێ دەکەم ،  بەڕاستی یەکێتی ئاقڵ بوونەکەتی پڕ بە باڵای خۆت دووریوە  .

.

2005-5-3